www.kurdistannet.org
06/07/2003 21:57

# تــــــــــــــــــــــــــــــــــــــۆ

ئاکــۆ ئه‌لیاسی
٠٥. ٠٧. ٢٠٠٣ سویس

تــۆ،
له ئاونگی کاسه ی چاوی گوێیک ئه چــی،
لیو به بزه و فرمێسک به چاو
چ سیحرێکه؟
تۆ لێزمه ی خوڕه ی ماچی،
که تێر ناخوی له تیروژی نیگای هه تاو؟
تۆ له پرزه ی بارانێکی تینووی کێلگه ی وه رزی کزی مه راق ئه چی،
زه رده په ر و ئاسۆی سووری ئه رخه وانی،
"حه وته وانان" به یه که وه
ده ئه خشــێنــی
چ رازێکه ئه م ئه وینه پر له وێنه ت؟
وه ک رێبواری. . . ناموّ به رێ
له تان و پۆی خه ونێکه وه. . . . بۆ خه ونێکی دیکه ئه چی
به لام که چی. . .
کسپه له دڵ ئه گیرسێنــی
تۆ فینکایی ئه و شه ماڵه یت
که ده ستی ناز. . . . به سه ر پرچی رازی نیاز داده هێنــی،
قوڵپه قوڵپی گه رمی گه رووی ئه و کانی یه یت
که تینوێتی نوقمی ته وی چاوه روانی
ده شکێنــی
تۆ خه ونێکی "شوانانه یت" و
مه لی ته ره ی تراویلکه ی ئه وینێکی بێ کۆتایی
سه مای باڵی پرووزاوێ. . . پر خه یاڵی
په پووله ی شێت و شه یدای. . . . ده وری شوّڵه ی شۆری شه می شه وی تاری
ناڵه ی سۆزی ده فی که فی ناخی سینه یت. . . . له ته نیایی
تۆ قه قنووسی چاره نووسی. . . گڕی ئاگر ده ت سووتێنــێ. . . دیسانه وه. . .
سه ر له نــوێــوه
وه ک هه ناسه ی پر له تاسه. . . . وه کوو خۆزگه ی له بیرۆ چـــوو
ده زێیته وه نێو گلێنه ی چاوه روانی. . . . . .
ده رگای کلۆم دراوی ژین ده که یته وه
" تۆ ئه وینی"
"تۆ خه ونیت و له خه ون ناچی"
"تۆ ماچیت و له ماچ ناچــی"
"تۆ تاسه یت و قه تیش تاسه ناشکێنــی"

www.kurdistannet.org
06/07/2003 21:57

"تۆ ختووکه ی، ده بی یه میوانی
هه ودای بیری هه موو که سێ"
"تۆ ئه و شێعره یت، که قه ڵه می هیچ شاعێرێ ڕات نامووسێ"
ده بباره. . . . عیشقی پیرۆز. . . ده بباره
ده بباره. . . به سه ر دڵمان
هه ر کوێستانی خۆشه ویستی
بکه ره وه. . . . . به نیشتمان!

www.kurdistannet.org کوردستان نێت